ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**ڤیدیۆ سیدی سووتاندن لە Nero 6.**

نووسەر: @:

لەم وانەیە چۆنیەتی دروستکردنی سیدیەکی ڤیدیۆ لەگەڵ پرۆگرامی سیدی سووتێنەر Nero، وەشانی شەشەم شیدەکەمەوە. پرۆگرامی Nero V6، نێرۆ وەشانی شەشەم بکەوە. پاشان لەپەنجەرەی سەرەکیدا برۆ سەر Photo and Video و پاشان Make Video CD کرتە بکە.




پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە کە دەبێ پەرگە ڤیدیۆیەکانی تێبێنی و دەبێ فۆرماتەکەیان بە mpg,mpeg بێت بۆ ئەوەی بتوانی بە ئاسانی و بەبێ کێشە بیانسووتێنیتە سەر سیدی. لەسەرەوە کرتە بکە سەر Add.




پاشان بڕۆ ئەو شوێنەی کە پەڕگەکانی تێدایە و وەک لەسەرەوە نووسیوومە باشتر وایە کە فۆرماتەکەیان mpg,mpeg بێت، پەڕگەکانت دەستنیشان بکە و پاشان کرتە بکە سەر Add بۆ هێنانیان بۆ نێو پرۆگرامەکە و ئامادەکردنیان بۆ سووتاندن.




گەر قەبارەی پەڕگەکە زل بێت، دەبێ هەندێک چاوەڕوانبیت تا هێنانی تەواو دەبێت.




پاش هێنانی پەرگەکان بۆ نێو پەنجەرەی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە دەبێت.




5> لەوێدا پەرگە هێنراوەکان دەردەکەون و لەخوارەوەش کاتەکەیان دەبینی کە ڕەنگەکەی شینە، یان لەبەرانبەر ناوەکەیەوە دەتوانی ببینیت.

6> بۆ چالاک کردنی لیستەی هەڵبژاردن بۆ ڤیدیۆ سی دیەکە.

Next کرتە بکە بۆ بەردەوامبوون.

ئەگەر خاڵی لیستەی هەڵبژاردن 6 ت چالاک کردبێت، پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ دێتەپێشەوە.




8> هەڵبژاردنی شێوەیەک لە شێوەکانی پرۆگرامەکە بۆ پیشاندانی پارچە فیلم / فیلمەکانی نێو سیدیەکە.
9> هەڵبژاردنی ڕەنگی پاشبنەمای لیستەی هەڵبژاردن.
10> گۆڕینی ئەو نووسینەی کە نووسراوە Created With Nero بەهەر نووسینێکی دیکە کە خۆت دەتەوێ، یان دەتوانی ناوی سیدیەکەت بنووسیت.
11> بینینی لیستەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی گەورەتر.
12> شتەکان وەک خۆی لێبکاتەوە و هەموو گۆڕانکاریەکان بسڕێتەوە.
Next کرتە بکە بۆ بەردەوامبوون.




15> ناوی سیدی سووتێنەری کۆمپیوتەرەکەت.
16> ناوی سیدیەکەت.
17> خێرایی سووتاندن/ خێرایی سیدی سووتێنەری کۆمپیوتەرەکەت.
18> ژمارەی ڕوونووسەکان لەو سیدیە / ژمارەی کۆپیەکانی ئەو سیدیە.
کرتە بکە سەر Burn، سووتاندن دەست پێدەکات و چەند چرکەیەک چاوەڕوانبە تا سووتاندن کۆتایی پێدێت. ئەو سیدیە پاش دروست بوون دەتوانی لەسەر زۆربەی دیڤیدی داگیرسێنەرەکانی سەردەم سەریری بکەیت بە بێ کێشە.
کۆتایی.

---

Oct 2005 13


## Gulf Hurricane Relief

Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.

آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت